# هاڕەی چەپڵە

حەمەسەعید حەسەن

لە هەر جێیەک مێگەل هەبێت، دیکتاتۆریش دەبێت.

هەر کە دەگاتە هۆڵی کۆبوونەوەکە، ئامادەبووان، ئیدی لاوان بن، ژنان بن، مامۆستایان بن، جووتیاران بن، یان کادیران، پێویستە دەستبەجێ، بەرزەپێ لە هاڕەی چەپڵە بدەن. هەر کە نووری ڕووخساری وەدەر کەوت، دەبێت هەمووان بە پێوە بن، دەبێت بارانی چەپڵە دابکات و خۆشبوونەوەی بۆ نەبێت! هەر کە ئۆغری خێری کرد، دەبێت دیسانەوە هەمووان بە پێوە بن، بارانی چەپڵە دابکاتەوە و خۆشبوونەوەی بۆ نەبێت! بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکژ و پیرۆزی شەهیدان، تەنیا لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ڕاوەستانێکی کورت هەیە، وەلێ بۆ ڕێزلێنان لەو، لە سەرەتا و لە کۆتاییشدا ڕاوەستان هەیە، ڕاوەستانێک هەم درێژ و هەم بە چەپڵەوە، دەزگا ئاسمانی و زەمینییەکانی ڕاگەیاندنیش چونکە لەژێر دەستی شابانوودان، زۆرترین ڕووناکی لەسەر بەشی چەپڵەلێدانی کۆبوونەوەکانە و بەردەوام (چاو بین و گوێ بیستی)* چەپڵە دەبین.

*

کابرایەک بە ناوی خوازراوەوە، لە ئۆرگانی کوردە کۆنەبەعسییەکانەوە، تۆمەتی ناپاکی وەپاڵ ئەم و ئەو دەدات. کەسێک بوێر بێت، هەرگیز بێ بەڵگە و بناغە، تۆمەت وەپاڵ کەس نادات. ئەوی بە ناوێکی خوازراوەوە جنێو دابەش بکات و تۆمەت ببەخشێتەوە، کەسێکە ترسنۆک و دووڕوو، کەسێکە لە کرۆکدا سووکەڵەیە و بە ڕووکەش ڕۆڵی کەسێکی سەنگین وازی دەکات. جنێودەری تۆمەتبەخش سوور دەزانێت، جنێودان و تۆمەتبەخشینەوە، پیشەی کەسانی سووک و چرووکە، بۆیە لەودیو دەمامکی ناوی وەهمییەوە، ناخی تاریک و سیمای دزێوی خۆی دەشارێتەوە.

*

ڕۆژنامەی Daily Telegraph تۆمەتی ئەوەی دابووە پاڵ جۆرج گالاوای کە یەکێکە لە پەرلەمانتارەکانی سەر بە پارتیی کرێکارانی بەریتانیا، گوایە لە بڕیاری نەوت بەرانبەر خۆراک سوودمەند بووە و کۆپۆنگی نەوتی لە سەددام حسێن وەرگرتووە. چونکە Daily Telegraph بێ بەڵگەی جێی باوەڕ ئەو تۆمەتەی وەپاڵ گالاوای دابوو، بە پێی بڕیاری دادگا، دەبێت بڕی 150 هەزار پاوەند قەرەبوو بداتە گالاوای و تێچووی دادگاییکردنەکەش کە میلیۆنێک پاوەند زێترە، بدات.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم چیرۆکەدا، ئەوە دەکەوێتە ڕوو، ئەوی بێ بەڵگەی دروست، بە ناوی خۆیەوە تۆمەت دەبەخشێتەوە، ئازا نییە، گەوجە، ئەویشی بۆی بڵاو دەکاتەوە، لەو گەوجترە، چونکە ئەگەر کێشەکە بگاتە دادگا، خاوەنی سایتەکە، سزا دەدرێت.

2004. 12. 15

* (چاوبین)یش وەک گوێبیست، دەبرینێکی هەڵەیە.